# هه ڵه بجه ی چاوه ڕێ

عەبدوڵا حەمەلاو(کاروان)



داڵانی نرکاندی و بەمۆ ژانی گرت، شنرویێ ئێشکی گرت و کۆرپە یە کی کە م وێنە لە ترۆپکی شارە کەی زووردا بویە نە خشی ئە و مەڵبە ندە .

هۆزانی جافان ڕەشماڵی گە رمیان و کوێستانیان لێ واڵا کردو بە شیری هۆنراوە بە خێویان کردو بە ئە دەبی شاعیرانیش پەروەردە. عەجەبجە و هە ڵوژە و هە ڵەوجە بونە هە ڵە بجە .

هە ڵە بجە ی درەخت لە گەڕە کی لقە کانیدا هە زارەها گەڵا وەچە ی لە شیلە ی ژین وسێبە ری پشویدا تێرکرد، هە ڵە بجە ی هە وێن ئاسمانی تاریکی پڕ لە ئە ستێرەی چەندەها جاف و قانع و حیلمی و هە ژار کرد. هە ڵە بجەی سە نگە رو بەرگری لە خاکی ئاگرو سوتاویدا چەند زەعیم و چەند سدیقی ڕیسوا کرد، هە ڵە بجەی باوەش لە ئامێزی میهرەبانیدا چەندەها گوندو سەدەها ڕاگوێزراوی لە سینە گرت .

هە ڵەبجەی دایکی دوو شۆڕشان مە شخەڵی ئازادی لە دەست فاتیح و ئەنوەرەکان ناو ناونوسی کتێبخانەی نەمری کردن. هە ڵەبجەی هە ورامان ، شارەزوور، هە ڵەبجەی شاعیر،ئەدەب، هونەر .

هەڵەبجەی خۆحەشاردان، سیاسەت، هە ڵمەت، شۆڕش. هە ڵەبجەی دوو دیالێکتی زیندوی کوردی، تۆقێنەری دیکتاتۆر. هە ڵەبجەی ترۆپکی قوربانیان، گەورە تاقیگەی وانەی نەگریسی کیمیا، بوژێنەری شۆرشێکی لاکەوتە ، سیناریۆی ڕەشی مێژەر سپیەکی فریوخواردو. هە ڵەبجەی زەلیلکەری بناغەی سەلەفیەت، شانازی کوردی دوای ڕاپەڕین ، سەردێڕی گەورەو یەکەم و، هە واڵی گەورەو بە شەوقی ماسمیدیاکان ، کەیسی پڕبایەخی کوردانی ئەورووپا نشین ، تورەکەی سواڵی سیاسەت چیەکان.

بە ڵام ئاخ و هە زار حەیف کە هەر هە موی بە هەدەر چو ، ئەوەی کە نەکری و نەبیسترێ ، ئەوەی کەچاو بیبینێ و ئەقڵ قبوڵی نەکات ، ئەوەبو کە بینیمان ، ئەوەیە کە ئەیبیستین ، ئەیبینین و هە ستی پێئەکەین.یان ئەیبینین و خۆمانی لێ کوێرئەکەین ، ئەیبیستین و خۆمانی لێ کەڕئەکەین ، هە ستی پێئە کەین وخۆمانی لێ گێلئەکەین.

بخۆو قسە مەکە ، وەرگرەو لاڵبە ، بڵێ و بیدە بە هە وا، بڵێ و بڵێ و بڵێ تا دیموکراتیەتی حیزبی پەست دەبێت جا ئە وجا لە هە ڵەبجە خراپترت بەسەردێت ،ئادەم

شارێکی دابڕاو، تۆراو لە شارستانی ، شەرمن وکزو بێسێبەر، هە م و نیم ! بە سکێ تێرو بە چەندی تریش چاوەڕێ .

لەهە ڵەبجەدا ژمارەی مناڕەکان لە ئازادیەکان زیاترن ، لەچکەکان چەند بەرابەری ژمارەی شەهیدەکانن ، ژنەکان لە پیاوەکان ماندوترن ، منداڵەکان لە گەورەکان بێهیواترن ، هە ڕەشەکان لە مەریوانەکان، لێپرسراوەکان لە پرۆژەکان ، غەمەکان لە پێکەنینەکان ، چاڵوچۆڵەکان لە جادەکان ، پارەی سیاسەت مەدارەکان لە هە ژارەکان ، سەردانەکانی مەزاری شەهیدان لە بەڵێنەکان ، درۆکان لە ڕاستیەکان زیاترو زیاترو زیاترو چەند بەرامبەر زیاترن .

هە ڵە بجە بوەتە چلە ی ناودارێک ، ساڵانەی شەهیدێک ، بە گۆڕسپاردنی مردویەک ، لە دوای چلەو ساڵانەو گۆڕسپاردنەکە ئەخرێتەوە فایلی بیرچونەوەو لە بیرکردنەوە ، هە ر کاتێکیش کە کۆلن پاوڵیک یان صەدرێک هاتن و ویستیان قسەو بەڵێنی درۆ بکەن و بدەن ئەوا تۆز لە فایلەکە ئەتەکێنن و بە بنکەی شە هیدان و داگیرساندنی چەند مۆمێکی کزۆلە مردوەکان جارێکی تر زیندو ئەکەنەوەو لە هە مانکاتیشدا ئەیاننێژنەوە.

بەهاری 2006

abdullahhemelau@yahoo.com